# بەزەڕەبینیش نایاندۆزمەوە!

جەمال عبدوڵلا

• ئـەو کاتەی کە دەمگوت کاتی نییە و با نەیکەین پێیان دەگوتم نەخێر کاتیەتی و بیکە، کەچی ئێستا بە زەڕەبینیش ئەوانە نادۆزمەوە کە پێیان دەگوتم کاتیەتی و بیکە.

• ئەوەی سەرەوە بەشێکە لە قسەی کاك نەوشیروان مستەفا کـە بەم دواییانە وەك و بێزاری و گلەییەك لە بەشـێك لە برادەرەکانی خۆی کردوە کە هەتا ئەو کاتەی لە ناو یەکێتیدا مابووەوە هەندێك لـە برادەرەکانی هانیان داوە بۆ ئەوەی ئەم کارەی ئێستـا بکات و ئەم هەڵوێستەی ئێستای دەربڕێت، کەچی ئێستـا هەر ئـەو برادەرانەی خـۆی بەزەڕەبینیش نادۆزێتەوە!

• ئەوی راستی بێت ئەمە یەکەم جار نییە کە ئەو برادەرانەی کاك نەوشیروان، کاك نەوشیروان تووشی راچەنین و بێزاری و تووشـی بێ ئومێدی دەکەن، چونکە هەر ئەو برادەرانەی کە هانیان داوە بۆ ئەم کارەی ئێستـای، هەر ئەوانەبوون کە هانیاندا بۆ ئـەوەی کە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان لە ٢٠٠٦ دا ئەنجـام بدرێت، ئەو کاتیش خەڵکـی تر هەبوو بە کاك نەوشـیروانیان گوتبوو مەکە و کاتی ئەم هەڵبژاردنە نییە چونکە عاقیبەتی باش نابێت بەڵام هەر ئەو برادەرانەی کە ئێستا جەنابی کاك نەوشیروان بە زەڕەبینیش نایاندۆزێتەوە، هـەر ئـەوان هانیان دا بۆ ئەوەی سـور بێت لەسـەر ئەو هەڵبژاردنە و ئەو ئەنجامە بەدەسـت بهێنێت کە بەدەسـتی هێنا و بەڵام بەدڵی نەبـوو زۆر لە ئەنجامەکەی بێزار بوو وای لێکرد کە لە یەکێتییەوە بچێت بۆ گردەکە!

• هـەر ماوەیەك دوای هەڵبژاردنـی مەڵبەندەکانیش کاك نەوشـیروان بـەو برادەرانـەی گوتبوو باشـە بۆچی ئەو ئەنجامەمـان هێنـا؟ ئەوانیش وەڵامیان دابـووەوە کە ئاخر ئەوانەی تـر پارە و دەمانچە و هانـد و کارتی مۆبایل و ......هتد دابەش کردوە و هەندێکیشیان هەڕەشەیان کردوە لە وەڵامدا کاك نەوشیروان پێی گوتبوون بیانووم بۆ مەهێننەوە و قسەی قۆڕ مەکەن، ئەوانەی کە ئێوە دەیڵێن ئەوان چیان کردوە، ئێوەش کردوتانە! شـتێك نییە ئـەوان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا کردبێتیان و ئێمە نەمانکردبێ!

• لـەو قسـە و گفتوگۆیانەی نێوان کاك نەوشـیروان و برادەرەکانیدا خاڵێکی زۆر گرنـگ بەدی دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە نە کاك نەوشـیروان و نە برادەرەکانیشی لە کاتی شکست و بەدەستنەهێنانی ئەنجامێك کە بەدڵی خۆیان بێت ناچنە ژێر باری بەرپرسـیارێتی و هـەوڵ دەدەن لە کاتی شکسـتدا ئۆباڵەکەی بخەنە ئەسـتۆی دەرەوەی خۆیان و خەڵکی تر ئەوەتا برادەرەکانی دەیخەنە ئەسـتۆی ئەوانی تر لە ناو یەکێتیدا و کاك نەوشـیروانیش ئۆباڵەکە لە گەردنی خۆی دادەماڵێ و دەیخاتە ئەستۆی برادەرەکانی خۆی! لەم حەواڵـە بە گەواڵەیەی ناوگردەکەدا پرسـیارێك دێتە پێش ئەویش ئەوەیە کە ئایا کەسـێك یان گروپێـك لە دەرەوەی دەسـەڵاتدا و لە سـەر گردێك تەحەمولی بەرپرسیارێتی شکسـتێك نەکەن کە خۆیان و بەدەسـتی خۆیان دروستیان کردوەو هەوڵ بدەن ئۆباڵەکەی بخەنە ئەسـتۆی خەڵکی تر ئایا چۆن هەر ئەم کەس و گروپە تەحەمولی بەرپرسیارێتی شکستی گەورەتر دەکەن ئەگەر لە دەسەڵاتدابن و پاشەکشە و شکستەکەش روو لە هەموو کۆمەڵگە بکات؟ ئایا ئەوەی ئەمڕۆ لە ناو گردێکدا تەحەمولی بەرپرسـیارێتی نەکات چۆن دەتوانێ سـبەینێ تەحەمولی بەرپرسـیارێتی لە ناو دەسـەڵاتدا بکات و چۆن رێگە دەدات لێی بپرسـرێتەوە؟ ئەی ئایـا ئەگەر ئەمڕۆ لەناو گردێکدا حەواڵەبەگەواڵەی بەرپرسیارێتی لە شکسـتەکان بکەن، ئەی ئاخۆ ئەگەر لە دەسەڵاتدا بن چ حەواڵە بە گەواڵەیەك دەکەن و چۆن خەڵك بزانن کامیان بەرپرسـیارن لە شکست و کەم و کوڕیەکان و ئەو کاتە دەیخەنە ئەستۆی کێ؟

